بواری جێبەجێکردنەوە. کەلەبەری تیادا دروست کراوە، هەندێ بەندی هەلواسراوە و هەندێ بەندی کاری پێناکرێت و هەندێ بەندی دەسکاری کراوە بەبێئەوەی کۆنگرەی پەروەردەییشی بۆ بەسترابێت کە ئەم پێشێلکارییەکی روونە و وەزارەت لێی بەرپرسیارە. جگە لەمە ئەو بەندانەشی کە بەرکارن پێویست بوو زەمینە بۆ جێبەجێکردنیان خۆش بکرێت، نەك هەر زەمینە خۆش نەکراوە بەلکو لەمپەریش دروستکراوە. بێگومان ئەمەش کەموکورپییەکی گەورەیە. چۆن دەکرێت و لە چ ولاتێکدا روویداوە کە یاسای پەروەردەی نەبێت و سیستەمی هەبێ و سیستەمەکەشی ئاوا بە سەقەتی جێبەجێ بکرێت!؟ ئەمەیە پەروەردە بەرەو هەلدێر و پاشاگەردانی زیاتر دەبات.

٣. **پەرش و بلاوی بڕیار و ڕێنماییەکان و بڕیاری دژ بە یەك و نەگونجاو لەگەل یاسا:**

نەبوونی ڕێنمایی وەك پێویست بۆ جێبەجێکردنی یاسا و سیستەمەکە، ئەمەش یەکێ لە گرفتەکانە، یاخود دەرکردنی هەندێك بڕیار کە هەرگیز لەگەل یاسا و سیستەمەکەدا یەك ناگرنەوە و هاودژی دروست دەکەن، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی یاسا سەروەر نەبێت و سیستەم جێبەجێ نەکرێت و ئیش و کارەکان بە میزاجی کەسی بەرپرس بەڕێوە بچێت. لەهەر ولات و دام و دەزگایەکیشدا ڕەوش بەم جۆرە بگوزەرێت ئەوا جگە لە پاشاگەردانی هیچی تری بەدوادا نایەت.

٤. **کەمیی بودجەی وەزارەتی پەروەردە:**

سالانە لە کاتی پەسەندکردنی بودجەی هەرێمی کوردستاندا وەك پێویست حیساب بۆ وەزارەتی پەروەردە نەکراوەو ئەو بودجەیەی بۆی تەرخانکراوە لەگەل هیچ ستانداردتێکدا ناگونجێت. زۆربەی هەرە زۆری کە نزیکەی ٩٥٪ ی بودجەی وەزارەت بۆ

ئەمەش شورەییەکی گەورەیە بۆ حکومـەتی هـەرێم تـا ئێسـتاش منالّـە چاوگەشـەکانمان لەم جۆرە قوتابخانانەدا وانە بخوێنن. خوێندن لەم ژینگەیەدا وەك پێویست و تەندروست نابێت.

## ٧. کەمی ژمارەی بینای قوتابخانە:

بەپێی بەراوردی ژمارەی خوێندکاران لەگەل ژمارەی قوتابخانەکان، بینای قوتابخانـە لـە هەرێمدا کەمە، ئەگەر چی لەم سالانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر بینای تـازە دروسـتکران، بەلام هێشتا بەبەراورد لەگەل رێژەی خوێندکاران کە سالانە زیاد دەکات وێـك نایەتـەوە. هەرچەندە لە کابینەی شەشەمدا لـە هـەردوو سـالی بودجـەی ٢٠١٠ و ٢٠١١ دا لـە یاسـای بودجـە هـەر سـالەی بـڕی (١٥٠) ملیـار دینـار بـۆ هەلمـەتی دروسـتکردنی قوتابخانـە لـە هـــەریمی کوردســـتان تـــەرخانکرا و چـــووە بـــواری جێبەجێکردنیشـــەوە و قوتابخانـــە دروستکران. بەلام لە کابینەی حەوتەمدا وێڕای ئـەوەی سـالانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ لـە یاسـای بودجەدا سالانە هەمان بڕ تەرخانکرا، بەلام تەنانەت یەك تاکە ژووریـش بـۆ قوتابخانەیـەك دروست نەکراو بودجەکەشکە (٣٠٠) ملیار دینار دەکات نازانرێـت چـی بەسـەر هـات و لـە چی سەرف کرا! ئەمە ئەرکی سەر شانی بەڕێزتانە بەدواداچوونی بـۆ بکرێـت و هـەم ئـەم بودجەیە بـۆ پـەروەردە بگەڕێنرێتـەوەو هـەم لـە سـالی ئەمسـال ٢٠١٤ دا هـەمان بودجـە تەرخان بکرێت. چونکە سالانە (٥٠.٠٠٠) خوێندکارە زیاد دەکات و بۆ ئەوانەش جگـە لـە حالەتە ئاساییەکە کە قوتابخانەی ترمان پێویستە، ئایا دەبێت سـالی چـەند قوتابخانـەی تر دروسـت بکرێـت؟ خـۆ ئەگـەر پلانێـك نـەبێت و بەجـدی مشـورێکی لێ نـەخورێت ئـەوا بێگومان کارەساتێکی گەورە چاوەڕێی نەوەی داهاتومان دەکات.

قوتابخانەکانا بە تیۆری دەخوێنرێت و خوێندکار (ئەگەر لە مالەوە خۆی کۆمپیوتەری نەبێت) لە قوتابخانە چاوی بە کۆمپیوتەر ناکەوێت و وەك پێویست لەم زانستە بەهرەمەند نابێت.

### ١٩. نەبوونی گۆڕەپانی یاری:

وانەی وەرزش یەکێ لەو وانە گرنگانەیە کە شەوق و زەوقێك بە خوێندکار دەدات روو لە قوتابخانە بکات، بەلام زۆربەی هەرەزۆری قوتابخانەکانی ئێمە یا گۆڕەپانی یارییان نیە، یا ئەگەر هەشیان بێت هیچ مەرجێکی یاریگەی تیا نیە، یا خۆل و گلە یا کۆنکریتە، کە ئەمەش لە گەڵێ کاتدا بە زیان دەشکێتەوە لە جیاتی ئەوەی سودی هەبێت.

### ٢٠. نەبوونی کتێبخانە:

کتێب سەرچاوەی زانستە و پێویستە هەر لەسەرەتای تەمەنەوە منالان رابهێنرێن بەوەی هاوڕێی کتێب بن، بەلام بەداخەوە قوتابخانەکانی ئێمە بێ کتێبخانەن، خۆ ئەگەر بەناو ژورێکیشیان تەرخان کردبێت بەناوی کتێبخانەوە ئەوا چۆل و هۆڵە و کتێبی تیا نیە. هەرچەندە لە سیستەمی تازەشدا هاتووە کە دەبێت لە قوتابخانەکاندا کتێبخانە هەبێت. مایەی سەر سوڕمانە کەوا سالانە دەیان ملیۆن دیناریش لەسەر بودجەی پەروەردە بە کتێب دراوە، کەچی ئەو کتێبانەی کڕدراون نە مامۆستایان و نە خوێندکاران سودی لێدەبینن و نە بەسەر کتێبخانەی قوتابخانەکانیشدا دابەش کراون و منیش سەرم لە هۆکاری کڕینیان سوڕماوە ! ! !

### ١٠١. نەبوونی کۆنگرەی پەروەردەیی:

تا ئێرە کە باسمان کرد گرفتەکان زۆرن، وە گرفتی جیاجیان و پێویستە پۆلێن بکرێن، لە دوای کۆنگرەی ساڵی ٢٠٠٧ ەوە ئەوە حەوت ساڵە سەرباری ئەم هەموو کێشانە پەروەردە کۆنگرەیەکی نەبەستاوە، نازانرێت چەند لە راسپاردەکانی کۆنگرەی رابردوو جێبەجێکراون و چەندیان ماون. چەندیان گونجاو و چەندیان نەگونجاو بوون، چەندیان پێشێل کراون و هۆکاری چی بووە؟ ئەمانە هەمووی گرفتن و تەنها لە کۆنگرەدا دەبێت تاوتوێ بکرێن و بڕیاریان لەسەر بدرێت و ئالیەتی بەڕێوەچوون و شێواز و تایبەتمەندێتی کۆنگرەکەش پێویستی بەچاوپێداخشاندنەوەو گۆڕانکاری هەیە.

**لەگەڵ رێزمدا**

**د.سەروەر عبدالرحمن عمر**
**ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**
**٢٠١٤/٦/١٩**

